# ئاسۆی ڕۆمانی کوردی و تیۆرییە باوەکانی سەردەم

د. هاشم ئەحمەدزادە
(سوید)

**سەرەتا**


بۆ تێگەیشتن لە ئاسۆی ڕۆمانی کوردی و ئەوەی کە هەتا ئێستا بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتووە و لێرەوە بە کامە شارێدا و چۆن لە ڕەوتی گەشەی خۆی بەردەوام دەبێت، دەبێ بە خێراییش بێت ئاوڕێک لە بۆچوونە تیۆرییەکانی چەند دەیەی ڕابوردوو لەسەر کارکرد، ئەرک، گرنگی و گەشەی ئەم ژانرە ئەدەبییە بدەینەوە و بزانین چاوەڕوانی و خوێندنەوە هەرە باوەکانی ئەم سەردەمە لەمەڕ ڕۆمان کامانەن. لەم نووسینەدا مەبەستمە باس لە چوار بۆچوونی سەرەکیی ئاراستەکراو لە چەند دەیەی ڕابوردوودا لەسەر ڕۆمان بکەم و هەوڵ بدەم بە ئاماژەی ڕاستەوخۆ، بە هەلومەرجی ئێستای ڕۆمانی کوردی، چەند پرسیار بورووژێنم و بە گوێرەی توانایی هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدەم. هەڵبەت، بە باوەڕی من، گرنگیی وروژاندنی پرسیاری دروست و پێوەندیدار بە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەی کورد، بە هیچ شێوەیەک لە وەڵامی ئەم پرسیارانە کەمتر نییە. ڕاستییەکەی ئێمە ئەگەر لەگەڵ پرسیاری هەڵقوڵاو لە کۆمەڵگەی خۆمان ڕووبەڕوو ببینەوە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وەڵامە دروستەکان دەبێت بە بەشێک لە چالاکیی زەینیمان و پێم وایە دواجار بە پشتبەستن بە تیۆری و دەستکەوتە هزرییەکانی جیهانی ئەمڕۆ، دەتوانین ئەزموونی گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا بکەین بە بەشێک لە چارەسەریی گرفتی پەنگخواردووی هەستیناسانەمان، ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ تێڕامانی زیاترمان لە پرسە ئێستایی و مێژووییەکانمان لەمەڕ کێبوون و چیبوون و بەرەو کوێ هەنگاونان.

**گەڕان بە شوێن میتودێکی شیاودا**

بۆ وردبوونەوە لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆمانی کوردی، دەبێ تێبکۆشین شیاوترین میتۆدی لێکۆڵینەوە بدۆزینەوە. ڕەنگە لە نیگای یەکەمدا وا هەست بکرێت کە پێویست بێت پێشینەی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاوتو بکەین. بێگومان ئەمە هەستێکی

نامۆ نییە و دەتوانێت یارمەتیدەری لێکۆڵەر بێت بۆ تێگەیشتنی هەمەلایەنە لە تایبەتمەندییە بەستێنی و گوتارییەکانی ئەم ژانرە. بەخۆشییەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوودا پرسی بنەماکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی کەم تا زۆر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و هەندێک بەرهەمی جیددی لەم بارەوە پێشکەش کراون. ئەوەی لێرەدا من زیاتر لام مەبەستە دووریکردنە لە بۆچوونێکی کرۆنۆلۆجییانە لەسەر ڕۆمانی کوردی. بەپێچەوانەوە، هەوڵ دەدەم لە دەرەوەی گۆڕانکارییە چەندایەتییەکانی ڕۆمانی کوردی و ڕەهەندە جوگرافییەکانی گەشە و پەرەئەستاندنی ئەم ژانرە، تیشک بخەمە سەر لایەنی چۆنایەتی و لەبەر ڕووناکیی چەند بۆچوونی تیۆرییەوە، هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەم هەبێت بۆ ئاستی سەرکەوتوویی ڕۆمانی کوردی لە پێکانی توانایی هیزەکییە بەربڵاوە شاراوەکانی هەناوی ئەم ژانرە.

هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕۆمانی کوردی، ناتوانێت ئاوڕ لە ئازاری دیسیپلینی بەراوردکارانە نەداتەوە و وەبیری خۆی نەهێنێتەوە کە هەم لە باری زەمەنی و هەم لە باری شوێنیشەوە، سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردی، نیشانەکانی دواکەوتن لە ڕەوتی گەشەی خێرای ئەم ژانرەی بەڕوونی پێوە دیارە. ئەگەر کۆتاییەکانی سەدەی شازدەم و بەراییەکانی سەدەی حەڤدەم بە سەردەمی گوورانی ڕۆمان لە ئاستی جیهانیدا دابنێین، ئەوە ئێمە لانی کەم، سێ سەدەیەک دواتر، ئەویش زۆر بە نیوەچڵی و خاوییەوە، دەبینە خاوەنی بەری ئەم ژانرە ئەدەبییە. ئەگەر ئەورووپا وەک بێشکەی ڕۆشنگەری، مۆدێرنیتە، تاکبڕوایی، خوێندەواری و سەرمایەداری دابنێین، ئەوە ئێمە زۆر دوور لەو جوگرافیایە هەڵکەوتووین و دەبێ چەند سەدەیەک هەمدیسان چاوەڕوانی هەموو ئەو



**فووکۆ**

گۆڕانکارییانە بووبین کە دواجار بە خشکەیی و لە ئاکامی شەڕ و کۆلۆنیالیزمدا گەیشتبنە ئەو ئیمپراتۆرییانەی کوردستانیان تێدا هەڵکەوتبوو.

هەڵبەت ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی هەردووک ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی و دواتر قاجاریش، لەبەر زۆر هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و فەرهەنگی و ئابووری، هەرگیز نەبووە ئەو بەستێنە لەبارەی مرۆڤی مافداری کوردی تێدا بەدی بێت و ببێت بە خاوەنی دیاردە نوێیەکانی شارستانی نوێ. نایەکسانیی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهانی و لە ئاستی پێکهاتەکانی جوگرافیای ئەم دوو ئیمپراتۆرییەدا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کوردستان و زمانی کوردی لە هەناسەدان لە بەستێنێکی مۆدێرن و ئازاد و دیموکراتیکدا بێبەش کردووە. هەموو ئەم فاکتەرانەش کارتێکەریی نەرێنی خۆیان لەسەر ڕەوتی گەشەی ڕۆمانی کوردی بەجێ هێشتووە و بەجێ دەهێڵن. بەم جۆرە ئەگەر ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لە ئاکامی پرۆژەی مۆدێرنیتە بە هەموو ئاسەوارەکانییەوە لە بەستێنێکی ئەورووپاییدا سەری هەڵ دابێت و تەنێ بە

دوای مسـۆگەربوونی مەرجـە بابەتییەکانـی، لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا فـۆرم و ناوەرۆکـی کوردیـی بەخـۆوە گرتبێـت، ئـەوە بەداخـەوە هـەر چـۆن ڕەوتـی سـەرهەڵدان و گەشـەی مۆدێرنیتـە لـە مەڵبەنـدی کـوردان تووشـی سـەدان کۆسـپ و تەگـەرە بـووە، خـودی دیـاردەی ئەدەبـی گێڕانـەوەش هەمـان بەسـەرهاتی هەبـووە و هەتـا ئێسـتاش بـە دەسـت کەموکورتییەکانـی خۆیـەوە دەناڵێنێـت.

پرسـی میتۆدێکی شیاو بۆ لێکۆڵینەوەی لێکەوتەکانی ڕۆمانـی کـوردی، تەنێ بوارێکـی لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی نییـە و ناتوانێـت لـە دەرەوەی تێکهەڵکێشـکردنی چەنـد ڕێبـاز و شـێوازی لێکۆڵینـەوەوە، ئامانجـی خـۆی بپێکێـت. لـە باسوخواسـت میتۆدناسـانەی ئـەم سـەردەمەدا پێداگـری لەسـەر دەکارهێنانـی هاوکاتـی چەنـد میتۆدێـک دەکرێـت کـە بـە میتۆدگەلـی ئەوپەڕبـواری، نێوانبـواری و فرەبـواری ناسـراون.(١) لەسـەر بنەمـای ئـەم میتۆدناسییە لێرەدا چەنـد بواری تێکهەڵکێشـکراوی لێکۆڵینەوەیـی دەستنیشـان دەکـەم کـە تیشـک دەخەنـە سـەر ڕۆڵـی فرەلایەنـەی ڕۆمـان.

## ڕۆمان، سیاسەت، نەتەوە و ناسنامە

هەمـوو لێکۆڵەرەوانـی بواری نەتەوە و ناسـیۆنالیزم بەباشـی ئـاگاداری ڕۆڵ و پێگـەی بێنێدیکـت ئەندێرسۆن (٢٠١٥- ١٩٣٦) و چەمکە ناوەندییەکەی ئـەو، واتـە کۆمەڵگـەی خەیاڵـی، لـەم بـوارەدا هـەن. کتێبـی کۆمەڵگـە خەیاڵییـەکان: ڕەچەڵـەک و بڵاوبوونـەوەی ناسـیۆنالیزم (٢) هـەر لـە ساتەوەختی بڵاوبوونەوەیـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٣دا، بـوو بـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی لێکۆڵەرانی بـواری نەتەوە و ناسـیۆنالیزم. ئەندێرسـۆن دوای پێداچوونـەوە بـە سـەر بۆچوونـە جیـاوازە لیبرالـی و مارکسیستییەکان لـە بـارەی نەتـەوە و ناسـیۆنالیزمەوە، گرفتەکانـی پێناسـەی ئـەم چەمکانـە دەستنیشـان دەکات و دواجـار دێتـە سـەر ئـەم بـاوەڕە کـە ناسـیۆنالیزم دیاردەیەکـی ئاوارتـە و نائاسـاییە (anomaly). بـە بـاوەڕی ئەندێرسـۆن ناسـیۆنالیزم و نەتەوایەتـی و نەتەوەیـی، جۆرێکـن لـە «سـازکراویی فەرهەنگیـی دیاریکـراو».(٣) دواجار نەتـەوە شـتێک نییـە جگە لـەو پێکهاتـە خەیاڵییـەی لـە زەینـی ئەندامەکانـی نەتەوەیەکـی دیاریکراودا سـاز دەبێت. بـە واتایەکـی دیکـە لەسـەر بنەمـای کۆمەڵێـک بنجوبنـەوان و ڕەچەڵەکـی فەرهەنگی، دانیشـتووانی کۆمەڵگەیەکـی دیاریکـراو پێوەندیـی نێـوان خۆیـان لـە چەشـنی نەتـەوە دروست دەکەن. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئەگەرچی هەمـوو ئەندامانـی ئـەم کۆمەڵگـە دیاریکـراوە هەرگیـز بـە کـردەوە تووشـی یەکتـر نایـەن و یەکتـر ناناسـن، بـەڵام هەسـتێکی بەهێـزی هۆگـری بـە یەکتـر لـە یەکتریـان کـۆ دەکاتـەوە.

بـە بـاوەڕی ئەندێرسـۆن ڕۆمـان دەورێکـی گرنـگ لـە ڕەوتـی سـازبوونی ئـەم «سـازکراوە فەرهەنگییـەدا» دەگێڕێـت. لـە لایەکـەوە ڕۆمـان و نەتـەوە هـەردووک دەرکەوتـەی مۆدێرنیتـەن و کـەم تـا زۆر لـە قۆناغـی دوای سـەرهەڵدانی مۆدێرنیتـەوە دێنـە ئاراوە. هـەر چـۆن لـە ڕۆمانـدا کەسـایەتییەکان هەموویـان یەکتـر ناناسـن، بـەڵام بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان لـە هەبوونـی یەکتـر ئـاگادارن و دەکەونـە ژێـر کارتێکەریـی یەکتـرەوە، ئـەوە لـە نەتەوەشـدا هەمـان ڕەوت لـە ئارادایـە. بـە واتایەکـی دیکـە، جیهانـی ڕۆمـان و جیهانـی نەتـەوە هەڵگـری خاڵـی هاوبەشـن.

بـە بۆچوونـی ئەندێرسـۆن، ڕۆمـان دەتوانێـت ڕۆڵێکـی بەرچـاو لـە سـازکردن و ناسـاندنی نەتـەوەدا بگێڕێـت. ڕۆمـان دەتوانێـت هەڵگـری گێڕانەوەگەلێـک بێـت کـە پاڵنـەری بەهێزکردنـی هەسـت و هۆگریـی نەتەوەییـە. ڕۆمـان بـە گێڕانـەوەی ڕابـوردووی

نەتەوەیەکی دیاریکراو و دەستنیشانکردنی مێژوویەک کە هەبیووە کارتێکەریی لەسەر خەملاندن و بیچمگرتنی خەیاڵ و خوێندنەوەی ئەو نەتەوەیە لە خۆی دەبێت. کارەکتەرەکانی ڕۆمان و باوەڕە هزری و هەستییەکانین و بەشدارییان لە ڕووداوگەلێکی مێژووییدا بۆ وێنای نەتەوە لە زەینی ئەندامەکانیدا یارمەتیدەرن. هەر نەتەوەیەک خۆی سەربەخۆ و جیاواز لە ئەوانی دیکە پێناسە دەکات و سەرەڕای نوێبوونی، پێشینەیەکی مێژوویی دوور بۆ خۆی دیاری دەکات و بە پشتبەستن بە هێما فەرهەنگییەکانی خۆی لە ئێستا و ڕابوردوودا، هەوڵی نیشاندانی نەمری و بەردەوامیی خۆی لە ئێستا و داهاتوودا دەدات. گێڕانەوەی خەیاڵی لە شێوازی ڕۆماندا کەرەستەیەکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی زەینییەتێکی لەم چەشنە. (٤) هەڵبەت ئەندێرسۆن بە ئاماژە بە ڕۆڵی چەند دیاردەی دیکەی مۆدێرن، بۆ نموونە ڕۆژنامە و سەربازی ون و نەخشە و کاپیتالیزمی چاپ، باس لەسەر نوێبوونی نەتەوە و بەستێنە خەیاڵکردەکەی بەرفراوانتر دەکات.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر گرێدانی تیۆرییەکانی بێنێدیکت ئەندێرسۆن بە سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردی، دەکرێ بە بۆچوونێکی گشتی بگوترێت کە ئەم ئاسۆیە لە جیهانی ڕۆمانی کوردیدا زۆر لێڵ و ناڕوون بووە. بە واتایەکی دیکە، لەتوکوتبوونی کۆمەڵگە کوردییەکان و بوونیان بە بەشگەلی جیاوازی پلانی نەتەوەسازیی دەوڵەت، نەتەوەکانی دیکە دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ کارلێکی دوولایەنەی ڕۆمانی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردی نەهێشتووەتەوە. ئەوە تەنیا هەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگیی دیاریکراو و چالاک بەپلانەکە، هاوتەریب لەگەڵ پەرەپێدانی گوتاری نەتەوەیی و ئەدەبی دەتوانێت چاوەڕوانییەکی ئاوا لە ڕۆمانی کوردی بکات بە چاوەڕوانییەکی هەستپێکراو. لە نەبوونی گوتار و پلانی لەم چەشنەدا ئەستەمە کۆی ڕۆمانی کوردی بتوانێت ئامانجێکی ئاوا بپێکێت.

## نانسی ئارمسترۆنگ: فووکۆ و ژین - سیاسەت و ژین - هێز

یەک لە توێژەرە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە لە بواری ڕۆمان و کارتێکەریی ئەم ژانرە لەسەر سازکردنی نەتەوەدا، نانسی ئارمسترۆنگە کە ئێستا مامۆستا و لێکۆڵەرەوەیە لە زانکۆی دووک (Duke) و لە ساڵی ١٩٩٦ەوە سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆمانە. (٥) لێکۆڵینەوەکانی نانسی ئارمسترۆنگ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕاستییەکەی مێژووی مرۆڤ وەک تاکێکی نوێ و ڕۆمان یەک شتن. بە باوەڕی ئارمسترۆنگ لە نێوان ئاوات و خەیاڵی خۆماڵیدا پێوەندییەکی چڕ هەیە. کتێبی ئاوات و خەیاڵی خۆماڵی: مێژووی سیاسیی ڕۆمان (٦)، بە تاووتوکردنی ئەم بوارە تیشک دەخاتە سەر گرنگیی پێوەندیی سیاسەت و گێڕانەوە و کارتێکەریی ئەم دوو بوارە لەسەر یەکتر. ئارمسترۆنگ لە لێکۆڵینەکانی خۆیدا پێ لەسەر کارتێکەریی ڕۆمان لەسەر سازکردنی زەینییەت (subjectivity) دادەگرێت و ڕۆمان لە ڕەوتی ناسیندا (cognitive) بە هۆکارێکی سازکردنی ناسنامە تازەکان دادەنێت. ئەو لە کتێبێکی بەناوبانگی خۆیدا بە ناوی «ڕۆمانەکان چۆن بیر دەکەنەوە؟» پرسی فەلسەفیی ناسین (cognitive) و دنیای ڕۆمانەکان تاووتو دەکات و بەو ئەنجامە دەگات کە لە نێوان تاکایەتیی نوێ (modern individuality) و سەرهەڵدانی ڕۆماندا پێوەندییەکی بەرچاو هەیە. (٧)

نانسی ئارمسترۆنگ لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا پشت بە دەستکەوتە هزرییەکانی زانای فەڕەنسی میشێل فووکۆ دەبەستێت و چەمکگەلی

گاڤرمێنتالیتـی (Governmentality)، ژیـن – سیاسـەت (Bio-politics) و ژیـن – هێـز (-Bio power) بـە بنەمـای تیۆرییەکانـی خـۆی دادەنێـت. چەمکـی گاڤرمێنتالیتـی دەکرێـت تـا ڕادەیـەک وەک حکوومەتـداری واتـای لـێ بدرێتـەوە. ئـەم چەمکـە بـاس لـە شـێوازە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەکان لـە بەڕێوەبـردن و ڕێکخسـتنی خۆیانـدا دەکات. بـە واتایەکی دیکە ئـەم چەمکە کۆی ئـەو میکانیزمانـە دەگرێتەوە کە لە تێکهەڵکێشیی زانست و دەسـتەڵات و دەکارهێنانـی تەکنیکگەلـی جیـاواز پێـک دێـت بـۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕاهێنـان و پەروەردەکردنـی ئـاکار و ڕەفتـاری جەماوەرەکـەی. دواجـار لـەم ڕێگەیـەوە کۆمەڵگە بە باشترین شێوە دەخرێتـە ژێر کۆنترۆڵـی سیسـتمی بەڕێوەبەرایەتـی و دانیشـتووانی کۆمەڵگـەکان دەسـتەمۆ دەکرێـن و دەخرێنـە ژێـر ڕکێفی دەستەڵاتەوە. ژیـن – هێـز ئـەو میکانیزمانـەن کـە لەلایـەن دامودەزگەکانـی دەسـتەڵاتەوە بـەکار دێن بـۆ کۆنتـڕۆڵ و سزای بـوارە زیندووکانـی تـاک و کۆمەڵگـە بـە گشـتی. لـە ئاکامـی بەکارهێنانـی ئـەم میکانیزمانـەدا کۆمەڵگـە بـە ئاسانی و بەبـێ ئـەوەی هێـزی سـەخت و بەرچـاوی سـەرکوت بـەکار بێـت ڕام دەکرێـت. هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایانـە، نانسـی ئارمسـترۆنگ ڕۆمـان بـە کەرەسـتەیەکی گرنگـی فۆرماندنـی زەینییەتـی جەمـاوەر دادەنێـت. (٨)

نانسـی ئارمسـترۆنگ لەسـەر ڕۆڵـی هەندێـک ڕۆمانـی دیاریکـراو بەڕاسـتەوخۆیی دەدوێـت و کارتێکەریـی ئـەم ڕۆمانانـە لـە بەدیهێنانـی زەینییەتـی جێنـدەری و کۆمەڵایەتیـدا بـەرز دەنرخێنێـت. ئـەو بـە ئامـاژە بـە ڕۆمانـی جەیـن ئەیری شـارلۆت برۆنتـێ، بـە ڕوونـی دەڵێـت کـە جەیـن ئەیـر نموونەیەکـی بێوێنـەی هەڵکشـانی ژنێکـە لـە هەلومەرجـی هەتیوییـەوە بـۆ بـوون بـە مامۆسـتا و خاوەنـی ماڵـی خـۆی. (٩)

لـە ئاخافتنێکیـدا نانسـی ئارمسـترۆنگ خـۆی بـە جەیـن ئەیـر دەشـوبهێنێت و دەڵێـت ‹‹مـن جەیـن ئەیـرم.›› (١٠)، ئەمـەش واتـە بەرزنرخاندنـی کەسـایەتییەکی ڕۆمانـی لـە دیاریکردنـی کەسـایەتییەکی ڕاسـتەقینەدا. هەلومەرجـی ژیانـی جەیـن ئەیـر و هەوڵدانـی بـۆ دەرچـوون لـە بازنـەی شـوومی چارەنـووس و بەربەرەکانێیەکانـی لەگـەڵ کۆسـپە جۆراوجـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان، دواجـار ئـەم ژنـە ئینگلیـزەی سـەدەی نۆزدەم دەکات بـە مرۆڤێکـی سـەرکەوتوو بەسـەر نەهامەتییەکانـدا. بڕیـاری دواییـنـی جەیـن ئەیـر لەمـەڕ ژیـان لەگـەڵ ڕۆچێسـتردا کـە ئێسـتا دوای سـووتانی کۆشـکەکەی، نابینـا بـووە، وەک ڕۆڵـی بەرچـاوی ئاگایـی لـە ژیانـی ژنێکـی کۆمەڵگـەی بریتانیایـی سـەدەی نۆزدەمـدا دەبینرێـت.

چارەنووسـی بێرتـا مەیسـن (١١) ژنـی پێشـووی ڕۆچێسـتر وەک دەنگێکـی شـاراوەی کۆمەڵگـە، لەگـەڵ پرسـی ئەڤیـن و هەوڵـی تاکەکەسـی بـۆ دەربازبـوون لـە توندوتیژییە جێنـدەری و چینایەتی و کۆمەڵایەتییـەکان دەبـن بـە تێمـا سـەرەکییەکانی ڕۆمانـی جەیـن ئەیـر. ئـەم خوێندنەوەیـە لـە ڕەوتی ڕووداوەکانـی ڕۆمانێـک و گرێدانیـان بـە دیـاردە کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییەکانـەوە، بۆچوونـی نانسـی ئارمسـترۆنگ لەسـەر کارتێکەریـی ڕۆمـان لەسـەر زەینییەتـی تاکەکانی کۆمەڵگە، پشتڕاست دەکاتـەوە.

بەشـێکی بەرچـاوی لێکۆڵینەوەکانـی نانسـی ئارمسـترۆنگ بـۆ تایبەتمەندییەکانـی ڕۆمانـی ئەمریکـی تەرخـان کـراوە. لـە کتێبـی ڕۆمـان لـە سـەردەمی نووسـینی دیموکراتیکدا کـە ئـەو لەگەڵ لێۆنـارد تێنێنهـاوس نووسـیویەتی، بـاس لـە ڕۆمانە بەراییەکانی ئەمریکی دەکرێت و ڕەوتـی گەشـە و گۆڕانکارییـەکان لـە ڕۆمانـی ئەمریکیـدا دەخرێتـە

بەر باس. (١٢)

لە بیرمان بێت کە دوابەدوای پەسەندکردنی یاسای بنچینەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٩دا و لە ئاکامی بزووتنەوەی بەربڵاوی ترانسێندێنتاڵیستەکانی ئەمریکاییدا، ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە وڵاتی ئەمریکادا، سەرەڕای ئەوەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرا، بوو بە کەرەستە و گوتارێک کە بەر لە هەر شتێک لە خزمەتی سازکردنی ناسنامە و زەینییەتێکی ئەمریکیدا بوو. ڕالف والدۆ ئیمێرسۆن (١٨٨٢ - ١٨٠٣) بە وتاری لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی (١٣) کە لە ساڵی ١٨٣٧دا بڵاو بووەوە، جەختی لەسەر پێداویستیی ئەفراندنی گوتارێکی ئەدەبی کردەوە، کە تێیدا کۆتایی بە میراتی ئەدەبیی ئینگلیزیی بریتانیایی دەهات و لە جیاتی ئەدەبیاتی ئینگلیزیی ئەمریکایی دەئافرێنرا. لە ئاکامی خەباتێکی هزری و ئەدەبی و فەرهەنگییەکی ئەوتۆدا بوو کە ڕۆمانی سەدەی نۆزدەمی ئەمریکی، هەرچەند لە بواری زمانی نووسینەوە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیی بریتانیایی یەک شت بوو، بەڵام بە ناوەرۆک و خەیاڵ و ناسنامە، شتێکی تەواو جیاواز بوو.

لێرەدا پێوەندیی زمان بە سیاسەت و زەینییەت و پلانی ناسنامەسازییەوە وەها گرێ دەدرێت کە ئەو قسە نەستەقەی ئۆسکار وایڵدمان بیر دەخاتەوە کە لە ساڵی ١٨٨٧دا دەنووسێت: «ڕاستییەکەی ئێمە ئێستا هەموو شتێکمان لەگەڵ ئەمریکا هاوبەشە، هەڵبەت جگە لە زمان.» جۆرج بێرنارد شاویش لەم پێوەندییەدا دەڵێت کە «ئەمریکا و ئینگلتەرا دوو وڵاتن کە بە هۆی زمانێکی هاوبەشەوە جیا بوونەتەوە.» (١٤) بەم جۆرەی بزووتنەوەی ترانسسێندێنتاڵی ئەمریکی هەڵی دەسەنگێنێت، سەربەخۆیی ئەمریکا نەک هەر بە سیاسەت، بەڵکوو دەبێ بە ئەدەب و فەرهەنگیش دەستەبەر بکرێت. (١٥) ئاوڕێک لە دەستکەوتەکانی ڕۆمانی ئەمریکی و ئەو پێگە گرنگە ناوخۆیی و جیهانییەی وەریان گرتووە گوزارە لە دروستبوونی بۆچوون و ڕێبازی ڕێڕەوانی بزووتنەوەی ترانسێندێنتاڵی ئەمریکی لە سەدەی نۆزدەمدا دەکات کە بە مەبەستی ئەفراندنی ناسنامە و سەروەریی دانیشتوانی وڵاتی ئەمریکا پێشکەشیان کرد. (١٦)

## ڕۆماننووس وەک مامۆستا

نووسەری ناوداری نێجیریایی، چینوا ئاچێبێ (١٩٣٠- ٢٠١٣) لە وتارێکیدا بە ناوی «ڕۆماننووس وەک مامۆستا»، کە ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی، دەڵێت بەرپرسیارێتی و بواری ئەخلاقی و فەلسەفیی ڕۆمان وا دەکات کە مرۆڤ وەک مامۆستا بڕوانێتە ڕۆماننووس و کارتێکەریی ئەو لەسەر کۆمەڵگە بەرز بنرخێنێت. (١٧) ئاچێبێ هەر لە یەکەم ڕۆمانییەوە، شتەکان هەڵ دەوەشێن، کە ساڵی ١٩٥٨ بە زمانی ئینگلیزی بڵاوی کردەوە، بەردی بناغەی جۆرێک لە ئەدەبی دامەزراند کە هێز و کەرامەت و باوەڕبەخۆیی بۆ نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان دەگەڕێنێتەوە. وەک دەبینین ناوی ئەم ڕۆمانە لە شیعرێکی شاعیری بلیمەتی ئیرلەندی ییتس وەرگیراوە کە ساڵی ١٩٢٠ بڵاوی کردووەتەوە. (١٨) ئاچێبێ بەم کارەی، لانی کەم، دوو خاڵی سەرەکی پێکاوە: یەکەم، ئەو وەک پرۆفیسۆری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، شارەزای هەمەلایەنەی ئەدەبی ڕۆژاواییە و لە دەقی ئەوان بۆ مەبەستی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی کەڵک وەردەگرێت. دووەم، لە شیعری چەق و ناوەند، بۆ پێناسەی دروستی پەراوێز زۆر سەرکەوتووانە کەڵک وردەگرێت. لە ساتەوەختی بڵاوبوونەوەیەوە

ئـەم ڕۆمانـە وەک دەقێکـی سـەرەکیی ئەدەبـی پۆستکۆلۆنیالیسـتی، دەخوێنرێتـەوە. ئـەو دواتـر بـە بەرهەمـە سەرنجڕاکێشـەکانی خـۆی، هێنـدەی دیکـە بـرەوی بـە ئەدەبـی دژەکۆلۆنیالیسـتیی ژیـار و مرۆڤـی پەروانێزخـراوی ئەفریقایـی و ڕۆژهەڵاتـی دا.

ئاچێبـێ بـە وردبوونـەوە لە هەلومەرجـی تایبەتیی ئەفریقـا هاتـە سـەر ئـەم بـاوەڕە کـە ڕۆماننـووس دەتوانێـت لـە ڕێگـەی ڕۆمانەکانییـەوە تەنیـا قەناعـەت بـە بەخشـینی چێـژ و دەسـتەبەرکردنی سـەرگەرمیی خوێنەرانـی نـەکات، بەڵکـوو ببێـت بـە مامۆسـتای کۆمەڵگەکەیـان و ئاسـتی وشـیاریی جەمـاوەری لەمـەڕ چارەنووسـی خۆیـان بباتە سـەر.

## نووسین بە زمانی خۆجێیی

ئێنگوگـی وا تیۆنگـۆ (-١٩٣٥) یـەک لـە نووسـەرە هـەرە بەناوبانگەکانـی ئەفریقـا، لەدایکبـووی وڵاتـی کینیایـە. ئێنگوگـی هـەم وەک ڕۆماننووس و هەمیش وەک تیۆریسـیەن سـاڵانێکی زۆر بەرهەمەکانـی خـۆی بـە زمانـی ئینگلیـزی دەنووسـی. دوای سـاڵانێک لـە چالاکیـی هـزری و ئەدەبـی، هاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕە کـە زمانگەلـی کۆلۆنیالیسـتی لـە ئەفریقـا پێشـیان بـە گەشـانەوەی فەرهەنگـی و هـزری ڕزگاریخـوازی گرتـووە. ئـەو بـۆ بەربەرەکانـێ لەگـەڵ ئـەم دیاردەیە بڕیـاری دا بـە زمانـی ناوچەیـی خـۆی، گیگویـو، بنووسـێت.

کتێبـی بەناوبانگـی، سـڕینەوەی کۆلۆنیالیـزم لـە مێشـکدا یـەک لـە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی ڕاوەسـتانەوەی نەتـەوە بندەسـتکراوەکانە دژ بـە هێـزە کۆلۆنیالیسـتەکان.(١٩) ئێنگوگـی لـەو کتێبەیـدا جەخـت لەسـەر ڕۆڵـی ئەدەبیـات و زمانی خۆجێیـی بـۆ دەسـتەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتـەوە و پێـی وایـە کـە بەرهەمـی ئەدەبیـی خۆماڵـی دەتوانێـت کەرەسـتەیەکی بەهێـز بێـت لـە بەرخۆدانـی گەلێـک دژ بـە کۆلۆنیالیـزم و ئیمپریالیزمـی کولتـووری. ئـەم باوەڕانـە پێگەیەکی بەرچاویـان بـە تێـز و تیۆرییەکانـی ئێنگوگـی، لەمـەڕ ڕزگاریـی نەتەوەیـی و دژایەتـی لەگـەڵ دەسـتەڵاتی کولتووریـی کۆلۆنیالیـزم داوە.

نووسـەر لـە بەرایی کتێبەکەیدا دەنووسێت: «ئەم کتێبـە بـە ڕێزێکی زۆرەوە پێشکەشـە بـە هەمـوو ئـەو کەسـانەی بـە زمانـە ئەفریقییـەکان دەنووسـن و بـە هەمـوو ئـەو کەسـانەی بـە درێژایـی سـاڵان شـکۆی فەلسـەفە، فەرهەنـگ، ئەدەبیـات و گەنجینەکانـی دیکـەی بەرهەمهاتـوو بـە زمانـە ئەفریقاییەکانیـان، پاراسـتووە.» ئەزموونی کەسـانی وەک وا تیۆنگـۆ و ئاچێبـێ لـە نووسـین بـە زمانـی خۆجێیـی خۆیانـدا، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییە کـە دەسـتەڵاتێکی تەواویـان بەسـەر زمانـی ئینگلیزیدا هەیـە و نووسـین بـە ئینگلـزی، دەتوانێـت لـە بەرژەوەندیـی مـاددی ئەوانـدا بێـت، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەخـات کـە پێوەندیـی نێـوان زمـان و فەرهەنـگ لەگـەڵ پرسـی ڕزگاریـدا چەنـدە گرنگـە، ئەمـەش ئـەو دەرسـە مەزنەیـە کـە نووسـەری کـورد دەبـێ لێـی فێـر بێـت و بـۆ وەدیهاتنـی ئاسـۆی ڕزگاریـی خـۆی، بـە زمانـی خـۆی بنووسـێت. هەڵبـەت لێـرەدا نابێـت ڕۆڵـی بەرچـاوی کۆمەڵگـەش لەبیـر بکرێـت، کـە تەنیـا بـە دەسـتەبەرکردنی پەرەپێدانـی خوێندنـەوە بـە زمانـی کوردییـە کـە دەبێتـە هـۆکاری چالاکبوونـی هـەردوو باڵـی فڕینـی بەرهەمهێنـان و خوێندنـەوە بـەو زمانـە. تەنیـا ئـەو کاتـەی ئـەم باڵانـە بتوانـن بـەرەو تەشـقەڵانی ئاسـمان بفـڕن، دەکرێـت هیـوادار بیـن کـە دەتوانیـن شـکۆی ڕزگاری و سەربەسـتیمان ببینیـن.

## پرسی خوێندنەوە و هەڵوێستی خوێنەر و جەماوەری خوێنەر

یـەک لـە فاکتـەرە کارتێکەرەکانـی گەشـەی ڕۆمـان

لە ڕۆژاوادا سەرهەڵدانی بەربڵاوی توێژی خوێنەر بوو. بەبێ هەبوونی ئەم توێژە، ڕۆمان نەیدەتوانی لە بازاڕی سەرمایەداریی چاپدا شانسێکی ئەوتۆی پەرەئەستاندنی هەبێت. پەرەئەستاندنی چینی مامناوەند لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکاندا لە لایەکەوە گەشەی سیستمی سەرمایەداریی دەستەبەر دەکرد و لە لایەکیشەوە لە ئارادابوونی ئەم چینە خوێندەوارە بە ژن و پیاوەوە پێویستیان بەوە هەبوو لە کاتی زیادیی خۆیاندا پشوو بدەن و چێژ وەربگرن. ڕۆمان وەک هونەری گێڕانەوەی سەردەمی بورژوازی، ئەو ژانرە ئەدەبییە بوو کە ئەم دەرەتان و دەرفەتەی بۆ خوێنەرانی سەر بەم چینە دەڕەخساند. بەم جۆرە خوێندنەوە هێدی هێدی دەبێتە کردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و ئەم کردەوەیەش دەبێتە هۆکارێک بۆ کارتێکەریی لەسەر زەینییەتی جەماوەری بەربڵاوی خوێنەران.

بەراوردی ڕەوتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەند سەدەی ڕابوردوودا جیاوازییە بنەماییەکانی ئەم دوو کۆمەڵگەیەمان نیشان دەدات. لە کاتێکدا خوێندەواری بە بەربڵاوی لە ڕۆژاوادا گەشەی دەکرد، جەماوەری ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجار هێشتا نوقمی نەخوێندەواری بوون و خوێندنەوە نەیدەتوانی لە نێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا ببێتە کردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرین و بەربڵاو. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە سەرهەڵدانی ڕۆمان لەم بەشەی جوگرافیای مرۆڤەکاندا هێندە درەنگ سەر هەڵدەدات.

وەک دەزانین لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر زۆر درەنگتر سەر هەڵدەدات و ئێستایشی لەگەڵدا بێت بنەماکانی گەشەی ڕۆمان لە بواری خوێندەواری و خوێنەرەوە نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە زەینییەتی مرۆڤی کورد و پرسی ناسنامەی کۆمەڵگە کوردییەکان دێتە ئاراوە. پرسی نەخوێندەواری بە زمانی کوردی و نەبوونی بازاڕی کتێبی کوردی، دواجار دەبنە هۆکارگەلێک بۆ هاتنە کایەی جۆرێک لە سیاسەتی کولتووری و ناسنامەسازی کە بە کردەوە زۆر دوورن لە وەدهێنانی بنەماکانی دیموکراتیک و ئازاد بۆ سەرهەڵدانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردستانی.

## فاکتەرە لاوەکییەکان و گەشەی ئەدەبی

گەشەی ئەدەبی و سەرهەڵدانی ژانرە نوێیە ئەدەبییەکان گرێدراوی گەلێک فاکتەری کۆمەڵایەتی، کولتووری، مێژوویی و تەنانەت سیاسیشن. سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمان لە ئەورووپا نموونەیەکی بەرچاوە بۆ هاتنە کایەی هاوکاتی هەموو ئەو فاکتەرانەی ئاماژەیان پێ کرا.

دەستپێشخەریی ژانی فەڕەنسی لە نووسینی ڕۆمان لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەمدا و سەرهەڵدانی ڕۆمان لە وڵاتی ئیسپانیا لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەمدا و گەشەی بێ پێشینەی ئەم ژانرە لە سەدەی هەژدەمی بریتانیا و دواتر لە وڵاتی ڕووسیا، نیشاندەری کارتێکەریی فاکتەرە جیاوازە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانن لە خەملاندنی هەلومەرجی سەرهەڵدان و گەشەی ئەم ژانرەدا. هەر بەم جۆرەش ئەوە کارتێکەری و فەراهەمبوونی ئەم فاکتەرانەن کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و بەراییەکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەمینەی سەرهەڵدان و پەرەئەستاندنی ئەم ژانرە نوێیە لە چوارچێوەی زمانگەلی ئەم ناوچەیەدا، بۆ نموونە، عەرەبی، تورکی، فارسی و دواتر کوردی، دەڕەخسێنن.

ڕاسـتییەکەی سـەرهەڵدانی ڕۆمـان لـەم بەشـەی دنیـادا دەرکەوتەیەکـی هاوکاتـی مۆدێرنیزاسـیۆنی ئـەم بەشـە لـە گـۆی زەوییـە و لـە هەمـان کاتیشـدا دەبێتـە فاکتەرێـک بـۆ درێژەپێـدان و بەردەوامـی و گەشـەی ئـەم ڕەوتـە.

سـەرەڕای ڕۆڵـی یاسـامەندی فاکتـەرە سـەرەکییە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و فەرهەنگییـەکان، زۆر جـاران فاکتەرێکـی لاوەکـی دەبێتـە هاندەرێکـی بەرچـاو و کاریگـەر لـە باوبـوون و گەشـەی جۆرێکـی دیاریکـراو لـە ڕۆمـان لـە جوگرافیـای بەربـڵاوی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا. هیـچ بەرهـەم و ژانرێکـی ئەدەبی، لـە دەرەوەی هەلومەرجی لەبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگیـدا ناتوانێـت سـەر هەڵبـدات و گەشـە بـکات، بـەڵام هەندێـک جـار لـە هەندێـک بەسـتێنی لەبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا هەندێـک فاکتـەری دەرەکیـی تاکەکەسـیش دەتوانـن ڕێخۆشـکەری گەشـەی چاوەڕواننەکـراوی ژانرێکـی ئەدەبـی بـن. لێـرەدا ئامـاژە بـە چـوار نموونـەی سـەرنجڕاکێش لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەتوانـێ زیاتـر تیشـک بخاتـە سـەر ڕۆڵـی فاکتـەری ئاوارتـەی دەرەکـی لـە گەشـەی ئەدەبیـی ژانرێکـی دیاریکراودا.

ڕۆڵـی بێوێنـەی نووسـەری مەسـیحی، جورجـی زەیـدان (Jurji Zaydan) (١٨٦١ - ١٩١٤) لـە گەشـەی ڕۆمانـی مێژوویـی عەرەبیـدا، شـایانی ئاوڕلێدانەوەیەکـی جیددییـە. ئـەم نووسـەرە لبنانییـە کـە دواتـر دەچێتـە وڵاتـی میسـر، هەمـوو تواناییـە زمانـی و فەرهەنگـی و ئەدەبییەکانـی خـۆی خسـتە خزمـەت گەشـەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی و بـوو بـە یەکێـک لـە بەرهەمدارتریـن نووسـەرانی جیهانـی عـەرەب لـە بەرهەمهێنانـی ڕۆمانـی مێژوویـی عەرەبیـدا. ڕۆمانـی مێژوویـی عەرەبـی، بـە نـۆرەی خـۆی، کارتێکەرییەکـی بەرچـاوی لە دەسـتەبەرکردنی باوەڕبەخۆیـی عەرەبـەکان و ئـەوەی کـە خاوەنـی ڕابوردوویەکـی زەنگیـن بوونـە، بـۆ هەسـتانەوە لـە دژی عوسـمانییەکاندا هەبـوو. ڕاپەڕینـی بەربـڵاوی عەرەبـەکان لـە ١٩١٦دا دژ بـە سەردەسـتیی عوسـمانییەکان ناتوانێـت لـە ژێـر کارتێکەریـی ڕۆمانـە مێژووییەکانـی جورجـی زەیدانـدا نەبووبێـت.(٢٠)

سـوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسـمانی (دەسـەڵات، ١٨٧٦ - ١٩٠٩) هۆگرییەکـی تایبەتـی بـە ڕۆمانـی پۆلیسـی (detective) هەبـووە و دەگوترێـت هـەر لـە سـەردەمی خۆیـدا ئاگاداری بەرهەمەکانی ڕۆماننووسـی ناسـراوی سـکۆتلەندی، سـێر ئارتـۆر کۆنـان دۆیلـێ (١٨٥٩- ١٩٣٠) (٢١) بـووە و ڕۆمانەکانـی ئـەوی بـە وەرگێڕانـی تورکـی، خوێندووەتـەوە و شـەوانە بـەر لـە خەوتـن بەسـەرهاتەکانی پۆلیسـی ناسراوی بریتانیایی، شـێرلۆک هۆڵمـز (Sherlock Holmes)ی بـۆ دەخوێنرایـەوە. (٢٢)

دیـاردەی ڕۆمانـی مێژوویـی لـە وڵاتـی ئێرانـدا هاوکاتـە لەگـەڵ شۆڕشـی دەسـتووریی ئێـران لـە یەکـەم سـاڵەکانی سـەدەی بیسـتەمدا. دوا دەیەکانـی سـەدەی نـۆزدەم پێشـزەمینەکانی ئـەم شۆڕشـە و فاکتـەرە دەرەکـی و ناوەکییەکانـی هەلومەرجـی سـەرهەڵدانی ڕۆمانـی فارسـییان پێـک دەهێنـا. سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـای ناسیۆنالیسـتی ڕووناکبیرانـی ئێرانـی کـە لـە دەوری دەسـتەڵاتی سیاسـیی ڕەزا خانـدا کۆبووبوونـەوە و هەوڵـی سـەرەکییان گەڕانـەوە بـۆ «ژیـاری ئێرانیـی بـەر لـە ئیسـلام» بـوو، دواجـار خـۆی لە قاڵبـی ڕۆمانی مێژوویـی فارسـیدا دەدۆزییـەوە و لـە دەیەکانـی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە گەشـەیەکی چەندایەتـی زۆر بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینـی. (٢٣) وەک دەبینیـن لێرەشـدا ئـەوە مەرجـی ئەوپـەڕ زمانـی و ئەدەبییـە کـە دەبێتـە هـۆکاری پەرەئەسـتاندنی جۆرێکـی دیاریکـراو لـە گێڕانەوەی ئەدەبـی.

تـا ئـەو جێگەیـەی دەگەڕێتـەوە سـەر ڕۆمانـی کوردی، هەلومەرجی لەباری سیاسی و ئایدیۆلۆژیکیی فەرمیـی ناسیۆنالیسـتی، بـۆ سـەرهەڵدان و گەشـەی ئـەم ژانـرە هەرگیـز لـە ئـارادا نەبووە. بەپێچەوانەوە، ڕۆمانـە بەراییـە کوردییـەکان لـە فـەزای ڕیالیزمـی سۆسیالیسـتیی سۆڤیەتیدا چاو بـە ژیـان هەڵدێنـن، ئەمـەش خاڵێکـی گرنـگ و شـیاوی لێکۆڵینەوەیـە کـە چـۆن ڕۆمـان لـە بەسـتێنی بێدەوڵەتیـدا سـەر هەڵدەدات و نزیکـەی سـەد ساڵێکە بـە کولەمەرگـی و زەحمەتـی زۆرەوە هەنگاو هـەڵ دێنێتـەوە و لـە زۆر بواریشـدا دەسـتکەوتی گرنـگ و جێگـەی سـەرنجی، لـێ دەکەوێتـەوە، هەڵبـەت لێڵیـی ئاسـۆ و ڕەهەنـدە ناسـنامەییەکانی ڕۆمانـی کـوردی، هێشـتاش هـەر نیشـانەگەلێکی زەقـن لـە ئاڵـۆزی و پێچەڵپێچیـی ژینگـەی کوردیـی ئـەم ژانـرەدا.

وەک دەبینیـن یاسـا گشـتییەکانی ڕێگەخۆشـکەری سـەرهەڵدان و گەشـەی ژانرێکـی ئەدەبـی، زۆر جـاران لەبـەر هەندێـک هـۆکاری لاوەکـی، ڕەوتێکـی تایبـەت بەخۆیـان وەردەگـرن و ڕێڕەوێکـی تایبـەت بـە خۆیـان دەگرنـە بـەر. لێرەدایـە گرنگیـی ڕۆڵ و کارتێکەریـی کەسـایەتییەکان خـۆی دەردەخـات. کەسایەتیی (جورجی زەیدان)ی مەسیحی، سوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسـمانی، ڕەزا خانـی میرپەنـج و عـەرەب شـەمۆی کۆمۆنیست، هـەر یەکـەو بـە جۆرێک جێپەنجەیان لە ڕەوتی سـەرهەڵدان و گەشـەی ڕۆمانی عەرەبی، تورکی، فارسی و کوردیدا، بەڕوونی دیارە. هێشـتاش میراتـی بەجێمـاوی ئـەم کەسـایەتییانە، لـەو دیـو سـاڵانی دووورودرێـژی تێپەڕبـوودا، لێـرە و لـەوێ، لـە نەریتەکانـی ڕۆماننووسـی لـەو زەمانانـەدا، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان خـۆی بەرهـەم دێنێتەوە.

**ئەنجام**

ڕۆمـان وەک ژانرێکـی نوێـی پێوەندیـدار بـە دەسـتکەوتەکانی مۆدێرنیتـەوە، هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە لـە بەسـتێنی ڕۆژاواییـدا، گرێدراوی بەسـەرهات و ناسـنامەی تـاک و کۆمـەڵ بـووە. سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزم و دیـاردەی دەوڵـەت-نەتـەوە، کـەم تـا زۆر لەگـەڵ سـەرهەلدان و گەشـەی ڕۆمـان هاوتەریـب بـووە. بیـروڕای بێنێدیکـت ئەندێرسـۆن لەسـەر ڕۆمـان لـە پێوەندیـی لەگـەڵ ناسـنامە و سـازکردنی نەتـەوەدا لایەنێکی گرنگـی ئـەم ژانـرە ئەدەبییەمـان بـۆ دەردەخـات.

سـەرهەڵدانی ڕۆمانـی کـوردی وەک زۆر لایەنـی سیاسـەت و مێـژووی کـورد، لـەو ڕێسـایە بـەدەر بووە. ڕۆمانـی کـوردی لـە کات و شـوێنێکدا سـەری هەڵـدا، کە ئەجێندای ناسیۆنالیسـتی و نەتەوەسـازی، هـەر لەئـارادا نەبـوو. بەپێچەوانـەوە، شـوێنکاتی سـەرهەڵدانی یەکـەم ڕۆمانـە کوردییـەکان بـۆ سـەردەمی سـتالین و سـۆڤیەتی پێشـوو دەگەڕێتەوە، کـە ئایدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراوی سۆسیالیسـتی لـە بـرەودا بـوو. واقیعـی لەتوکوتکـراوی جوگرافیـای کوردستان و چارەنووسی سیاسیی کوردان و لێکەوتە کولتـووری و پەروەردەییەکانی ئـەم واقیعە، دەرفەتی گەشـەکردنێکی شـیاو و ڕێکوپێکـی بـە ڕۆمانی کوردی نـەدەدا و ئەگـەر دروشـمە سۆسیالیسـتییەکانی ئـەو سـەردەم لەمـەڕ دەسـتەبەرکردنی مافـی زمانیـی کەمینـە نەتەوایەتییـەکان نەبوایـە و دەستپێشـخەریی کەسـانێکی وەک عـەرەب شـەمۆش هـاوکار نەبوایـەن، ئـەوە سـەرهەڵدانی ڕۆمانـی کـوردی زیاتـر لـەوەش وەدوا دەکـەوت.

سـەرهەڵدانی درەنگوەختـی ڕۆمانـی کـوردی و دواتـر دابڕانـی گەشـەی ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە بـە ئاقـار و شـێوازێکی یەکگرتـوودا، بـووە هـۆکاری کارتێکەریـی لاوازی جیهانـی گێڕانـەوەی نوێـی کـوردی بەسـەر کۆمەڵگـەدا. نەبوونـی توێژێکـی بەربـڵاوی خوێنـدەوار بـە زمانـی کوردییـش دەرفەتی

کارتێکەریی چاوەڕوانکراوی ئەم ژانرە ئەدەبییەی بە کۆمەڵگەی کوردی نەدا، هەر بۆیە قسەکردن لە تێکەڵاویی ڕۆمانی کوردی بە دیاردەی ژین- هێز و ژین- سیاسەتەوە، لانی کەم لە بەراییەکانی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە کوردییەدا، زۆر لە جێگەی خۆیدا نییە. چاوەڕوانی ئەوەی کە هەندێ کارەکتەری خەیاڵیی ڕۆمانی کوردی لە کۆمەڵگەدا ئەوەندە زەق ببنەوە کە مرۆڤەکان خۆیان بەوانەوە پێناسە بکەن، چاوەڕوانییەکی دوورە لە سەرمایەی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردی لە هەلومەرجی ئێستادا. ئەوەی کە لە ئێستا بەو لاوە ڕۆمانی کوردی چەندە دەتوانێت ئەو ئامانجانە بپێکێت کە لە هەناوی ڕۆماندا شاراوەن، گرێدراوی ڕەوتی گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگە کوردییەکانە.

هەوڵی نووسین بە کوردی، سەرەڕای گرفتە بەربڵاوەکانی سەر ڕێی ئەم تێکۆشانە، بە ئاقاری ئەو بۆچوونانەدا دەڕوات کە کەسانی وەک ئاچێبێ و وا تیۆنگۆ جەختی لەسەر دەکەنەوە.

گرنگی ئەم خەباتە دواجار دەتوانێت ڕێگەخۆشکەر و یارمەتیدەری پێکهێنانی قەوارەیەکی فەرهەنگی و سیاسیی دیموکرات بێت، بەڵام ئاڵنگارییەکی بەردەم ڕۆڵی ڕۆماننووسی کورد وەک مامۆستا، بەو جۆرەی چینوا ئاچێبێ باسی دەکات، ئەوەیە کە ڕۆماننووسی کورد ناتوانێ لە یەک کاتدا سنوورەکانی چەند دەوڵەت- نەتەوە دەرباز بکات و بەرەوڕووی شێواز و نەریتی نووسین و پەروەردەی ئەوان ببێتەوە. لە نەبوونی دەرفەتێکی یەکگرتووی پەروەردەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەستەمە چاوەڕوان بین مامۆستایەک، واتە ڕۆماننووسێک، لە عۆدەی ئەم ئەرکە قورسە بێتەدەر و مۆرکی خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بدات.

گەشەی بەرچاوی ڕۆمانی کوردی لە دوو دەیەی ڕابوردوودا بە هەردووک زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، ئەرکێکی فەرهەنگی دەخاتە سەر چالاکانی بواری کولتوور و ناسنامەی کوردی، ئەویش شتێک نییە جگە لە گەڵاڵەی پرۆژەیەک بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانە بۆ هەموو خوێنەرانی کورد، ئەمەش واتە گواستنەوەی ڕۆمانە کورمانجی و سۆرانییەکان بۆ سەر ڕێنووس و ڕێزمانی یەکتر.

بەدەر لەوەی چ ناوێک لەم ئەرکە بنێین و وەک وەرگێڕان، یان گواستنەوەی ڕێنووس سەیری بکەین، بەم کارە دەرفەتی خوێندنەوەی هەموو ڕۆمانە کوردییەکان بۆ هەموو خوێنەرانی کورد دەڕەخسێنین، ئەگەرچی لەم ساڵانەدا هەندێک هەوڵی لەم چەشنە دراون، بەڵام وەدیهێنانی هەمەلایەنەی ئەم ئەرکە پێویستی بە پلاندارێژییەکی ورد لە سیاسەتی فەرهەنگیی کوردیدا هەیە، لێرەدایە کە چارەنووسی ڕۆمانی کوردی وەک زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی کورد ڕوخسارێکی تەواو سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت و تێکەڵاویی سیاسەت و فەرهەنگ زیاتر لە هەموو دەمێ خۆی نیشان دەدات، بەبێ مسوگەرکردنی دەرفەتی خوێندنی زمانی کوردی و بارهێنانی کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار بەم زمانە، ناکرێت چاوەڕوان بین کە ڕۆمانە کوردییەکان بە بەربڵاوی بخوێنرێنەوە.

لە هەلومەرجی نەبوونی بواری سیاسی گونجاودا ئەوە ئەرکی چالاکانی کولتوورییە کە شیاوترین ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی بۆ هەموو خوێنەرانی کورد بڕەخسێنن. بیرکردنەوە لە خەڵاتگەلی شیاوی ئەدەبی، بۆ ڕۆماننووسانی کورد، دەتوانێت ڕێگەخۆشکەری وەدیهاتنی ئەم ئاواتە بێت. بۆ ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ وەربگری، دەبێ

چەنـدان خەڵاتـی جێکەوتـووی نەتەوەییـت هەبێـت. ڕەچاوکردنـی ڕەوتێکـی گونجـاو و دیموکراتیـک بـۆ دەستنیشـانکردنی بـراوەی خەڵاتـی باشـترین ڕۆمانـی کـوردی سـاڵ، دەتوانێـت ببێتـە هاندەرێکـی کارا بـۆ چالاککردنـی بەرهەمهێنانـی ئەدەبـی لـە کوردسـتاندا. بـۆ ئـەوەی خەونـی وەرگرتنـی خەڵاتـە ئەدەبییـە جیهانییـەکان لای ڕۆماننووسـی کـورد بەهێـز بکەیـن، دەبـێ ئـەوە فێـر بکرێـت بەشـداری کێبڕکێـی ئەدەبیـی ناوخۆیـی بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش خەڵاتـی ئەدەبیـی خۆماڵـی، دەبـێ هەمـوو پێـوەرە جیهانییەکانـی دەستنیشـانکردنی باشـترین ڕۆمانـی سـاڵ ڕەچـاو بـکات.

بوارێکـی دیکـەی هەوڵـدان بـۆ بەهێزترکردنـی ڕۆمانـی کـوردی، بریتییـە لـە پەرەپێدانـی ڕەخنـەی ئەدەبـی. ڕەخنـەی ئەدەبیـی چـالاک لەسـەر بنەمـای تیۆرییـە ناسـراوە ئەدەبییەکانـی سـەردەم، دەتوانێت ببێتـە یارمەتیـدەری پەرەئەسـتاندنی باسوخواسـتی شـیاو لەسـەر ڕۆمانـی کـوردی. ڕەخنـەی ئەدەبیـی شـارەزایانە دەتوانێـت بەرچاوڕوونـی بداتـە خوێنەری کـورد و لـە ناسـین و ڕاڤـەی ڕۆمانـی کوردیـدا یارمەتـی بـدات.

هەتـا ئـەو ڕۆژەی ڕەخنـەی ئەدەبـی لەسـەر بنەماکانـی تیۆرییـە ناسـراوەکانی ئەدەبـی دانەمەزرێت و واز لـە هەڵسـەنگاندنی نۆرماتیـڤ، واتـە بـاش و خـراپ و ڕەش و سـپی، نەهێنێـت، ناکـرێ بـە گەشـەی چۆنایەتیـی ڕۆمانـی کـوردی دڵخـۆش بیـن. ڕەخنـەی ئەدەبـی، دەبـێ کارێکـی ئەوتـۆ بـکات کـە ڕۆماننووسـی کـورد لـە دیالێکتیکـی نێـوان لایەنـی ناوچەیـی و جیهانیـی ئـەدەب بەباشـی تێبـگات و ئـاگادار بێـت کـە تەنیـا بـە ئاوڕدانـەوەی ورد لـە تایبەتمەندییەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی دەتوانێـت ببێتـە نووسـەرێکی سـەرکەوتوو لـە ئاسـتی جیهانیـدا. بـە واتەیەکـی دیکـە بـۆ ئـەوەی جیهانـی بیـت، دەبـێ سـەرەتا ناوچەیـی بیـت. سـەرکەوتوویی گابریـل گارسـیا مارکیـز لـە ئاسـتی جیهانیـدا بـە پلـەی یەکەم لـە توانایـی بێوێنـەی ئـەودا بـووە لـە پێشکەشـکردنی ئەدەبیانـەی پرسـە ناوچەییەکانـی کۆمەڵگـەی خـۆی، کۆلۆمبیـا.

سـەد سـاڵ تەنیایی، بەر لە هەر شـوێنێک گرێدراوی واقیعـی کولتـووری و مێژوویـی وڵاتەکـەی نووسـەرە. کۆلۆنێلـە حەفتـا و پێنـج ساڵییەکەی کورتـە ڕۆمانـی، هیـچ کـەس نامـە بـۆ کۆلۆنێـل نانووسـێت، کـە کاتـی خـۆی لـە شـەڕی هـەزار ڕۆژەی ناوخۆییـدا بەشـدار بـووە و ئێسـتا نائومێدانـە چاوەڕوانـی نامەیەکـە لەمەڕ دانپێدانانـی دەوڵـەت بـە مووچـەی خانەنشـینییەکەی، لـە ناخـی کۆمەڵگـەی کۆلۆمبیـاوە هەڵقوڵیـوە و لـە هەمـان کاتـدا وەک هەمـوو کۆلۆنێلەکانـی وڵاتانـی دیکـەش دەچێـت. ئـەوە وەسـتایەتیی مارکیـز بـوو کـە دوور لـە وڵاتـی خـۆی و لـە وڵاتـی فەرانسـەڕا بـە زمانـی زگماکیـی خـۆی، سـپانیولی، بەرهەمێکـی ئەفراند کـە بـوو بـە گێڕانەوەیەکـی دڵخـواز بـۆ هەموو هۆگرانـی عەوداڵـی چارەنـووس و بەسـەرهاتی مـرۆڤ لـە جیهانـی ڕۆمانەکانـدا.

خوێنـەری ڕۆمانەکانـی مارکیـز، جگـە لـەوەی دەرفەتـی شـارەزابوونی لەگـەڵ کۆمەڵگـەی کۆلۆمبیـا و مرۆڤـی ئـەم وڵاتـەی بـۆ دەڕەخسـێت، ئەزموونـی ناسـینی کۆمەڵگـەی خـۆی و مرۆڤەکانی دەوروبەریشـی دەوڵەمەندتـر دەبێـت. بـەم پێیـە، ئەگـەر ڕۆماننووسـی کـورد بتوانێـت هەمـوو کەلێـن و قوژبنەکانی کۆمەڵگەی کـورد و کەسـایەتیی مرۆڤـی کـورد لـە گێڕانەوەکانیـدا بناسـێنێت، ئـەوە بـە تیرێـک دوو نیشـانەی پێـکاوە: هـەم بەرهەمێکـی خۆماڵیـی سـەرکەوتووی بـۆ خوێنـەری کـورد ئەفرانـدووە و هەمیـش لـە ئاسـتی جیهانیـدا کۆمەڵگـە و مرۆڤـی کـوردی، بـە خەڵکانـی دیکـە ناسـاندووە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(1) Cross disciplinary, interdisciplinary and multidisciplinary.

(2) Anderson, Benedict, Imagined Communities: Reflections on the origin and spread of nationalism, London: Verso, 1983.

(3) Anderson, Benedict, Imagined Communities: Reflections on the origin and spread of nationalism, London: Verso, 1983, p. 48.

(٤) ئەندێرسۆن لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی دیکەیدا کارتێکەریی ڕۆمان لەسەر ڕەوتی نەتەوەسازی لە کۆدەقی جیاوازدا و لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ژانرییەکانی ڕۆماندا، زیاتر تاووتو دەکات. بڕوانە:

Anderson, Benedict, The Spectre of Comparisons: Nationalsim, Southeast Asia and the World, London and New York: Verso, 1998.

(5) Novel: A Forum on Fiction.

(6) Desire and Domestic Fiction: A Political History of the Novel, Oxford: Oxford University Press, 1987.

(7) How Novels Think: British Fiction and the Limits of Individualism, Columbia: Columbia University Press, 2005.

(٨) لەم وتارەی خوارەوەدا پرسی ژین- سیاسەت و ژین- هێز بەوردی باس کراوە:

Armstrong, Nancy, 'Gender must be defended, The South Atlantic Quarterly, 111:3, Summer 2012, pp. 529-547.

(9) Armstrong, Nancy, 'One or Several Jane Eyres?, Victorian Review, Volume 42, Number 2, Fall 2016, pp. 215-222.

(١٠) لەم چاوپێکەوتنەیدا نانسی ئارمسترۆنگ باس لە کارتێکەریی خوێندنەوەی ڕۆمان لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ دەکات و بەڕاشکاوی دەڵێت کە ئەو «جەین ئەیرە.» ئەم قسەیەی ئارمسترۆنگ لە خولەکی ٦ و ١٥ سانیەدایە. لینکەکە لە ١٨-٢٠٢٣/١٢دا بینراوە.

https://www.youtube.com/watch?v=EuQqtypAPwM&ab_channel=BYUHumanitiesCenter

(11) Bertha Mason.

(12) Nancy Armstrong and Leonard Tennenhouse, Novels in the Time of Democratic Writing: The American Example, Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2018.

(13) The American Scholar.

(١٤) سەرچاوەی گوتنەکانی بێرناد شاو و ئۆسکار وایلد لەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی گاردیەن وەرگیراوە:

ڕێکەوتی بینین: ١٨-١٢-٢٠٢٣.

https://www.theguardian.com/media/mind-your-language/2010/nov/26/americanisms-english-mind-your-language

(١٥) لە وتارێکی دیکەمدا، ئەم باسەم بەشێنەیی، تاووتو کردووە. بڕوانە:

هاشم ئەحمەدزادە، «مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب»، لە ئەحمەدزادە، هاشم، مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب، ستۆکهۆڵم، کتێبی ئەرزان، ٢٠١٩، لل. ٢١٣- ١٦٣.

(١٦) ترانسێندێنتالیزم وەک فەلسەفەی ئیستعلایی، واتە ئەوپەڕ سروشتی و دەرەوەی جیهانی ماددی مانا دەکرێتەوە. پێشەنگەکانی ئەم بزووتنەوەیە هزرییە لە ئەمریکا بە پلەی یەکەم لەژێر کارتێکەریی فەیلەسووفی ئەڵمانی، (ئیمانوئێل کانت)دا، بوون.

لەسـەر بزووتنـەوەی ترانسـێندێنتالیزم زۆر کاری هزری و مێژوویـی کـراوە. یـەک لـەو بەرهەمانـەی تیشـک دەخاتـە سـەر هەمـوو بنەمـا مێژوویـی، ئەدەبـی و فەلسـەفییەکانی ئـەم بزووتنەوەیە و ئـەو هەلومەرجەی بزووتنەوەکـە تێیـدا سـەری هـەڵ دەدا، ئـەو کتێبـەی خوارەوەیـە. لـەم کتێبـەدا گرنگتریـن نووسـراوەکانی پێشـەنگانی بزووتنەوەکـە لـە سـەدەی نۆزدەمـدا کـۆ کراونەتـەوە. بڕوانـە:

Miller, Perry (ed.), The Transcendentalists: An Anthology, Cambridge and Massachusetts: Harvard University Press, 1960.

(17) Achebe, Chinua, 'The Novelist as Teacher, in Hopes and Impediments: Selected Essays, New York: Anchor Books: A Division of Random House, INC. 1988, pp. 42/47.

(١٨) ویلیـام باتلـەر ییتـس (١٩٣٩-١٨٦٥) لـە شـیعری ‹‹هاتنـی دووەم››دا کـە سـاڵی ١٩١٩ نووسـیویەتی، بـێ هیـچ پەردەپۆشـییەک، قسـە لـە داڕمانـی جیهـان دەکات: ‹‹شـتەکان هەڵدەوەشـێنەوە / ناوەنـد توانایـی مانـەوەی نییـە / ئـەوەی هەیـە هەرجومەرجـە بـە سـەر جیهانـدا››. ئـەم چەنـد دێڕەی شـیعرەکە، وەرگێڕانـی خۆمـە. بـۆ بینینـی تـەواوی شـیعرەکە بـە زمانـی ئینلگیـزی، بڕوانـە:

Finneran, Richard J. (ed.), The Collected Poems of W. B. Yeats: A New Edition, Ney York: Macmillan, 1989, p. 187.

(19) Ngugi wa Thiongo, Decolonising the Mind: The Politics of Language in African Literature, Nairobi, Kampala, Dar es Salaam: East African Educational Publishers, 1986.

(٢٠) بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەسـەر ڕۆمانـی عەرەبـی، بڕوانـە:

Allen, Roger, The Arabic Novel: An Historical And Critical Introduction, Syracuse: Syracuse University Press, 1982.

(21) Sir Arthur Conan Doyle.

(٢٢) بـۆ زانیـاری لـەم بـارەوە بڕوانـە وتـاری ئایشـە بەتـول کایاهـان لـە ڕۆژنامـەی سـەباح بـە زمانـی ئینگلیـزی:

Ayşe Betul Kayahan 'Sultan meets Sherlock Holmes: Abdülhamid II›s passion for mystery, Daily Sabah, JUL 28, 2018.

https://www.dailysabah.com/feature/2018/07/28/sultan-meets-sherlock-holmes-abdulhamid-iis-passion-for-mystery

(٢٣) بـۆ زانیـاری لەسـەر ڕەوتـی گەشـەی ڕۆمانـی مێژوویـی لـە ئێـران، لـە نێـو زۆر بەرهەمـی بەپێـزی دیکـەی لـەم بـارەوە، بڕوانـە:

پارسانسـب، محمـد، نظریـە و نقـد رمـان تاریخـی فارسـی، چاپ دووم، تهران: نشـر چشمه، ٢٠١١/١٣٩٠.